

# ئەشقێکی ئەبەدی

ڕزگار عومەر

لەژێر ڕووناکی چرایەکی خەواڵوو
هەموو شەوێ
دەنگی ماچی  شیرینی
نێوان
لێوی تەنکی باوکم و
ڕوومەتی زەردی دایکم
حەیرانی ئەشقێکی شینی ئەبەدی دەژەنێ ،
لە نێو ئەو هەموو
دڵتەنگی و
ترس و
گومانی
ئینسانەکانی ئەم سەردەمەش
من هێشتا برینی ئەم ئەشقە ئەبەدییەم
دەبمە پەپولەی خەونی تازەو
لە نێو ئاوی چاوە سەوزەکانت میوان دەبم ،
من دەمەوێ لە ئاسمانی
بەهاری خنکاوی ئارەزوو بفڕم
یان لە سەر گژوگیای
دەشتی دڵ شکاوی ژیانت
ببم
بە تنۆکی شەکاوەی شەونمی سوور ،
من گوڵی بەهارێکی  نەهاتووم
دەزانم چاوی وەریوی تۆ
لە کۆڵانی شێداری شار
تێنوێتی پایز ناشکێنێ و
لە ژێر ڕەحمی ڕەنگاو ڕەنگی قامچیەکان



دێن گەرای ماسی لە ڕوباری تەنکی

بەفری تواوەی خەیاڵت

دەمرێنن ،

من بەژنی لەت لەتی تۆفانی تووڕە بوونم

دەزانم جەللادانی عەرشی پایز

تا خۆرەتاوی یاخی بوونم لە دایك نەبێ

دێن نم نم وورده شووشه

لە سەر ڕێگای مریەمی خەونەکانم

دەبارێنن ،

من پرسیارێکی پیربووم :

ئەرێ کچان بۆ دڵیان تەنگەو

مەمکی خۆزگەی درەنگیان شۆڕبۆتەوە

ئەرێ کوڕان بۆ ناتوانن پەنجەی لەرزۆك

لە ژێی سازە شەرمنەکان

ڕابهێنن ؟؟

من ئاشقم

لەشی ڕووتی لافاو لە باوەش دەگرم

سواری حیلەی هەزار ئەسپی یاخی زنجیرکراو دەبم

تا تۆ لەم خەوە تاڵە بە ئاگا دێنمەوە

لە هەموو ئێوارەیەکی هیلاك بوونت

دەریای هەنگوینی بەهەشتت پێ نیشان دەدەم و

پڕ بە دەنگ پێت دەڵێم :

من خوێنی گەرمی

برینی ئەو ئەشقە ئەبەدیەم !